بیستودوو

# قوتابێتی - 2

## نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداریکردن

### نامەی ڕۆما

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیاریانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕوحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو بڕگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (ڕۆما 5-8) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## شایەتی مەتتا 10: 32

## دەرخکردن

**ب) ڕامان**

| ئایەتی دەرخکردن | شایەتی (مەتتا10: 32) | نیشانەی کتێبی |
|---|---|---|
| لەسەر پەراوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | *﴿بۆیە ئەوەی لەلای خەڵك دانم پیابنێت، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، دانی پیادەنێم﴾* (مەتتا10: 32) | لەپشت پەراوەکە بنووسەوە |

عیسای مەسیح ئەم ووشانەی بە دوازدە قوتابییەکەی فەرموو کاتێك فەرمانی پێدان بڕۆن جاڕ بدەن (مزگێنی بدەن) بە نزیکبوونەوەی پادشایەتی خودا (مەتتا10: 5-10). سەرباری ئەوەی کە قوتابییان تووشی بەرهەڵستییەکی توند بوونەوە بۆ نامەکەیان و شێوازی ژیانیان دەبن، بەڵام پێویستە هەواڵی خۆشی بە بێ ترس ڕابگەیەنن. عیسای مەسیح چوار هۆکاری پێدان بۆ ئەوەی بە بێ ترس شایەتی بۆ بدەن:

**1** دەتوانی بە بێ ترس شایەتی بدەیت بۆ عیسای مەسیح چونکە دوژمنەکانت ناتوانن دوور بکەونەوە لەو شەرمەزارییەی هەستی پێدەکەن لەبەردەم گەلانی سەر زەوی (مەتتا10: 26-27).

| |
|---|
| ئـ) دوژمنان ناتوانن دەور بکەونەوە لە ئاشکراکردنی بەرهەڵستییە دڕندەکانیان، چەوسانەوە و کوشتنی باوەڕداران! ڕۆژێك دێت (ڕۆژی حوکم دانی مەزن) تێیدا دوژمنانی مەسیح شەرمەزار دەبن لەبەردەم هەموو گەلانی زەوی. کتێبی پیرۆز دەڵێت: *﴿چونکە خودا حوکم بەسەر هەموو کارێك دەدات﴾* (کۆمکار: 14). |
| ب) هەروەها، دوژمنەکان ناتوانن ڕۆژێك لە ڕۆژان بێبەریبوونی باوەڕداران لە بەردەم هەموو گەلانی زەوی قەدەغە بکەن. لە ڕۆژی حوکم دانی مەزن، عیسای مەسیح و قوتابییەکانی پاداشت دەکرێن لەبەردەم هەموو گەلانی سەر زەوی لە سەرجەم سەردەمەکاندا. کتێبی پیرۆز دەڵێت عیسای مەسیح هەموو کەسێك بەپێی کردەکانی پاداشت دەکرێت (مەتتا16: 27). بۆیە، پێویستە لەسەر قوتابییەکانی عیسای مەسیح نەترسن لە جاڕدانی بە پەیامی ئینجیل لەبەردەم هەموو خەڵکی. بەڵکو پێویستە بە ئازاییەوە ئاشکرای بکەن. |

2 دەتوانی بە بێ ترس شایەتی بۆ عیسای مەسیح بدەیت چونکە لەوانەبێت دوژمنانت بتوانن جەستەت بکوژن، بەڵام ناتوانن دەروونت بکوژن (مەتتا10: 28).

هەر شتێك بێت کە دوژمنانی مەسیح خوازیاربن ئەنجامی بدەن، یەك شت دەمێنێت کە ناتوانن جێبەجێی بکەن، ئەویش ئەوەیە کە توانایان نییە دەروونت بکوژن! کاتێك کە جەستەت بەشی ماددی و بینراوە لە کەسێتیتدا، دەروونت بەشی نا ماددی و نەبینراوە لە کەسێتیتدا.

3 دەتوانی بە بێ ترس شایەتی بۆ عیسای مەسیح بدەیت چونکە دوژمنانت ناتوانن ویستی خودا پووچ بکەنەوە، ناشتوانن خۆشەویستی و چاودێری کردنی لە بەرامبەرت ڕابگرن (مەتتا10: 29-31).

چۆن چۆلەکە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەمرێت، تۆیش ڕۆژێك لە ڕۆژان دەمریت. بەڵام ئەگەر خودا چاوی لە هەموو چۆلەکەیەك بێت هەرچەندە شتێکی بەنرخ نییە، دەبێ چەند گرنگی بە تۆ بدات؟ خودا بەڵێن دەدات کە بەشێوەیەکی نایاب چاودێری تۆ و ژیانت و کارەکانت بکات. بۆیە، پێویستە بزانیت کە هەرچییەك لەسەر زەوی بەسەرتدا دێت هەمووی بە زانیاری و ڕێگەپێدانی خودایە (ڕۆما8: 28).

4 دەتوانی بە بێ ترس شایەتی بۆ عیسای مەسیح بدەیت چونکە مەسیح لە بەردەم خودای باوك دانت پێ دەنێت ئەگەر تۆ لەبەردەم خەڵکی دانی پێدا بنەێت (مەتتا10: 32-33).

دانپێدانان واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەئاشکرا دان بنەیت بەوەی کە عیسای مەسیح ڕزگارکار و خوداوەندی تۆیە. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان شەرم لە عیسای مەسیح نەکەیت لەبەردەم خەڵکی تەنانەت لە بەردەم دوژمەکانیشت (مرقوس8: 34-38). لە ڕۆژی حوکم دانی مەزن، عیسای مەسیح بە ئاشکرا و لە بەردەم گەلانی هەموو جیهان و لەبەردەم باوکی ئاسمان دانت پێدا دەنێت (مەتتا25: 34-36).

## پ دەرخکردن

**بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکە لەسەر کاخەزێکی سپی یان لە پەڕاوی تێبین بنووسە.

**دەرخبکە:** بەشێوەیێکی ڕاست ئایەتەکە دەرخبکە، متمانەی ڕێنمایی خودا، (مەتتا10: 32).

**پێداچوونەوە:** گروپەکە بکە دوو بەش، هەر یەك لە قوتابیان دڵنیا بێت لەوەی هاوڕێکەی ئایەتەکەی دەرخکرد.

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

## جیاوازی خێزانی مەسیحی چییە؟

ئەفەسۆس6: 1-4

شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (ئەفەسۆس6: 1-4) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی 1 بخوێنە

**بخوێنە:** با پێکەوە (ئەفەسۆس6: 1-4) بخوێنینەوە. با بە ریز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی برگە کتێبییەکە.

هەنگاوی 2 بدۆزە

**بیرکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە پێت وایە گرنگە لەم برگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم برگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.
**بەشداریکردن:** (پاش بەسەر بردنی هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین، بەشداری بە بیرۆکەکانتان بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، گرنگ نییە هاوشێوەی یەك بن).

**دۆزینەوەی 1** بەلای منەوە ڕاستی گرنگ لە (ئەفەسۆس6: 1)دایە: «ئەی منداڵان، گوێڕایەڵی دایك و باوکتان بن لە خوداوەند، چونکە ئەمە ڕاستە». هەندێك کەس پێیان وایە ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە باوەڕدار گوێڕایەڵی باوك و دایکی بکات تەنها لە یەك کاتدا کە ئەویش ئەگەر هەردووکیان باوەڕداری ڕاستەقینە بن بە عیسای مەسیحی خوداوەند. بەڵام ئەوانە هەڵەن لەم شیکردنەوەیاندا. ئامۆژگاری ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە گوێڕایەڵی باوك و دایکم بکەم نەك بەهۆی باوەڕیان بە عیسای مەسیح، بەڵکو بەهۆی باوەڕی خودی خۆم بە عیسای مەسیح. لە کاتی ئەوەی کە زۆر لە ڕۆڵەی بێ باوەڕ هەیە گوێڕایەڵی دایك و باوکیان ناکەن، پێویستە باوەڕداران بە عیسای مەسیح گوێڕایەڵی باوك و دایکیان بکەن، چونکە ئەمەیە ئامۆژگاری عیسای مەسیح بۆ باوەڕداران. بە شێوازێکی دیکە، پێویستە کەسانی باوەڕدار گوێڕایەڵی باوك و دایکیان بکەن تەنانەت ئەگەر ئەو باوك و دایکانە بێ باوەڕ بن و ناڕاست بن و گرنگییان پێ نەدابێ.

**دۆزینەوەی 2** بەلای منەوە ڕاستی گرنگ لە (ئەفەسۆس6: 4)دایە: *«ئێوەش ئەی باوکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن، بەڵکو بەپێی لێڕاهێنان و تەمبێکردنی خوداوەند بەخێویان بکەن»*. سەرباری ئەوەی کە پێویستە کوڕان گوێڕایەڵی باوك و دایکیان بکەن، پێویستە باوك و دایکەکانیش هانی کوڕەکانیان بدەن. هەمان ئەم ووشانە لە (کۆلۆسی3: 21) دووبارە دەبێتەوە: *«ئەی باوکەکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن، نەوەك نائومێد بن»*. ڕۆڵەکان دەکرێت هەست بە ئازار و شکست بکەن کاتێك بەبەردەوام ڕەخنەیان لێبگیرێت لە کاتی هەڵەکردنیان، لە کاتی ئەنجامدانی کاری دروستیش هان نەدرێن. کاتێکیش منداڵم هەیە، زۆر گرنگە بەردەوام بم لە هاندانیان، سەرباری ئەوەی کە تەواو نەبوون، بەڵام پێویستە لەسەرم تورەیان نەکەم و دوور بکەومەوە لە هەموو شتێك وایان لێبکات هەست بە شکستهێنان بکەن. بەم شێوەیە، بڕیارم دا ببم بە باوکێکی هاندەر بۆ کوڕەکانم (دایکێکی هاندەر بۆ کوڕەکانم).

**هەنگاوی 3** هەندێ پرسیار بکە

**بیرکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێ ئاراستەی گروپەکە بکەیت سەبارەت بەم بڕگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییانە تێبگەین کە لە (ئەفەسۆس6: 1-4) ئاماژەی پێکراوە.
**بنووسە:** هەوڵ بدە بە ڕوونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.
**بەشداریکردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات.
**گفتووگۆبکە:** (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەوڵ بدە وەڵامیان بدەیتەوە لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).
(ئەمانەی خوارە هەندێ نموونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن، و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەڕێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).

**پرسیاری 1** پرسیاری یەکەم پەیوەندی بە گوێڕایەڵی باوك و دایکەوە هەیە. لە هەندێك کۆمەڵگادا، ڕۆڵەکان فێردەبن لە هەموو کات و بارودۆخێکدا و بە درێژایی ژیانیان گوێڕایەڵی باوك و دایکیان بکەن. بەڵام، بەپێی ڕێنمایی کتێبی پیرۆز، تا چ تەمەنێك پێویستە کوڕ بەردەوام بێت لە گوێڕایەڵی کردنی باوك و دایکی؟

تێبینییەکان: ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە چونکە لە دڵی هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان دەدات. پێش هەموو شتێك با بڕوانینە خودی عیسای مەسیح. کاتێك عیسای مەسیح لە تەمەنی 12 ساڵیدا بوو، هێشتا گوێڕایەڵی باوك و دایکی دەکرد لەسەر زەوی (لۆقا2: 41-52). بەڵام کاتێك بوو بە گەنج و سەرقاڵی ئەرکی ژیان بوو، گوێڕایەڵی باوك و دایکی نەدەکرد، ملکەچی ویستەکانیان نەدەبوو (مەرقۆس3: 31-35). ئەرکێکی هەبوو کە پێویست بوو لەسەری ئەنجامی بدات لە ژیانیدا. بۆیە، کتێبی پیرۆز ڕێنمایی ناکات کە پێویست بێت لەسەر باوەڕداران گوێڕایەڵی باوك و دایکیان بکەن بەدرێژایی ژیانیان و لە هەموو بارودۆخێکدا. بەڵکو کتێبی پیرۆز ڕێنمایی دەکات کە پێویستە باوەڕداران گوێڕایەڵی دایك و باوکیان بکەن تا ئەو کاتەی منداڵن، یان ئەو کاتەی کە هێشتا نەگەیشتوونە تەمەنی پێگەیشتن. دەکرێت بڵێین کە تەمەنی پێگەیشتن ئەو کات دەستپێدەکات کە باوەڕدار ماڵی باوك و دایکی بەجێبهێڵێت، یان ئەو کاتەی کە پشت بە دایك و باوەکی نابەستێت، یان کاتێك ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت. بەم شێوەیە، گوێڕایەڵی کردنی باوك و دایکان گوێڕایەڵیکردنێکی کاتییە. پێویستە منداڵە بچووکەکان گوێڕایەڵی باوك و دایکیان بکەن تاوەکو دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن.

**پرسیاری 2** پرسیاری دووەم پەیوەندی بە پاداشتکردنی باوك و دایکانەوە هەیە. ئەو شێوازە کردەییە گرنگانە چییە بۆ پاداشتکردنی لە باوك و دایك؟

تێبینییەکان: پاداشتکردن واتا دەرخستنی ڕێز و بایەخدان و خۆشەویستییە بە بێ دوودڵی، بەبێ مەبەستی خۆویستی، بە بێ ترس. ئەم نموونانە بۆ هەموو گەلانی جیهان گونجاوە لە پەیوەندیکردنیان لەگەڵ باوك و دایکیان، لە پەیوەندی پیاو لەگەڵ باوك و دایکی ژنەکەی، لە پەیوەندی ژن لەگەڵ دایك و باوکی مێردەکەی، لە پەیوەندی خەڵك بە خوداوە (باوکی ئاسمانییان). پێنج شێواز هەیە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەم کەسانە:

ئـ) پاداشتی باوك و دایکت بکە بەوەی مشتومری لەگەڵیاندا نەکەیت. مشتومڕیان لەگەڵدا مەکە دەربارەی ئەو شتانەی گرنگی ڕوحییان نییە. بۆ نموونە، مشتومڕیان لەگەڵدا مەکە دەربارەی ئەو جلانەی پێویستە بیانپۆشی، یان ئەو پرۆگرامانەی تەلەفزیۆن کە تەماشایان دەکەیت، یان ئەو کارانەی ناو ماڵ کە پێویستە جێبەجێیان بکەیت. مشتومڕکردنت لەگەڵ باوك و دایکتان وایان لێدەکات هەست بکەن بۆچوونیان لە تێڕوانینی تۆدا پووچە. چۆن دەتوانی بە شێوەیەکی کردەیی باوك و دایکت پاداشت بکەیت؟ بۆچوون و تێڕوانینی خۆت بە بەسۆزی و ڕەوشتییەوە دەربڕە، ڕێگا بە خودا بدە ڕازییان بکات بەو شێوازەی خۆی پێی باشترە لە یەکێکی تر. ئەگەر ئەوەت کرد ئەوە دەسەلمێنیت کە باوەڕت بەوە هەیە کە خودا خۆی دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕووداوێکدا هەیە، خۆشی توانای ئەنجامدانی باشترین کاری هەیە.

ب) پاداشتی باوك و دایکت بکە لە ڕێگای بەهەند وەرگرتنی پێشنیار و ئامۆژگارییەکانیان. تۆ سووکایەتی بە باوك و دایکت دەکەیت کاتێك ئامۆژگارییەکانیان ڕەت بکەیتەوە تەنانەت بەبێ بیرکردنەوەیش. چۆن دەتوانی باوك و دایکت بەشێوازێکی کردەیی پاداشت بکەیت؟ کاتێك باوکت یان دایکت پێشنیارێك یان ئامۆژگارییەکت پێشکەش بکەن، لێیان فێربە. هەڵکە بقۆزەوە و لە ئەزموون و داناییان فێربە کە لەژیانیاندا کۆیۆتەوە. بەشێوەیەکی تایبەت هەموو ئەو شتانە لێیان فێربە کە لایەنی هێزن لە ژیانیاندا ئەگەر بەهرە بێت، یان لێهاتوویی، یان زانیاری، یان ئەزموونی کردەیی.

پ) پاداشتی باوك و دایکت بکە لەڕێگای پێدانیان پێگەیەك لە ژیانت. کاتێك ڕێگا بە باوك و دایکت نەدەیت بزانن بیر لە چی دەکەیتەوە، هەست بە چی دەکەیت، چ کارێك ئەنجام دەدەیت، تۆ — لە ڕاستیدا — سووکایەتییان پێدەکەیت. کاتێکیش ڕێگا بە باوك و دایکت نەدەیت بزانن پلانی چی دەگێڕیت، کاتێکیش هیچ دەرفەتێکیان نادەیتێ کاریگەرییان لەسەر پلانەکانت هەبێت، دیسان سووکایەتییان پێدەکەیت. کاتێکیش ڕێگایان نادەیتێ بەشداری لە خۆشی و ناخۆشییەکانت بکەن، یان سەرکەوتن و شکستەکانت، تۆ سووکایەتیان پێدەکەیت. کاتێکیش لە ژیانە کردەییەکەت و لە بڕیارەکانت جیایان دەکەیتەوە، وەکو ئەوەیە پێیان بڵێیت شایستەی ئەوە نین پەیوەندییان بە ژیانتەوە هەبێت!

چۆن دەتوانی بەشێوەیەکی کرداری باوك و دایکت پاداشت بکەیت؟ ڕێگاکانی پەیوەندی لە نێوان خۆت و باوك و دایکت بە کراوەیی بپارێزە. ڕەنگە هەندێك جار ئەم کارە سەخت بێت، بەڵام یەکێکە لە باشترین شێوازەکانی پاداشتکردنی باوك و دایك. دەستپێشخەر بە لە قسەکردن لەگەڵیاندا. باسی چالاکییەکانت بکە بۆیان: ئەوەی لە قوتابخانە و لەسەر کار ئەنجامی دەدەیت، هەڵسوکەوتت لەگەڵ هاوڕێکانت. باسی بیرۆکەکانت بکە بۆیان، لەگەڵ هەستەکانت و پلانەکانت. هەروەها، دەتوانی پاداشتیان بکەیت لە ڕێگای بەشدارکردنیان لە پلان و بڕیارەکانت. ڕێز لە ئەزموون و داناییەکانیان بگرە، داوای ئامۆژگارییان بکە، تەنانەت ئەگەر بڕیاری کۆتایت بەرهەڵست بێت لەگەڵ خواستەکانیان، وایان لێبکە هەست بکەن کە گوێڕایەڵیان دەکەیت.

ت) باوك و دایکت پاداشت بکە لە ڕێگای خزمەتکردنیان. کاتێك خزمەتی باوك و دایکت ناکەیت جگە لەو کاتانەی داوات لێدەکەن، سووکایەتییان پێدەکەیت. بۆیە، خۆت ڕابهێنە لەسەر گەڕان بەدوای دەرفەتدا بۆ یارمەتادانیان و چاوەڕێ مەکە تا ئەو کاتەی داوا بکەن.

ج) پاداشتی باوکو دایکت بکە لە ڕێگای خۆشەویستیت بۆیان. کاتێك تەنها بەپێی دابونەریتە کۆمەڵایەتیی خۆشەویستی بۆ باوك و دایکت دەردەخەیت وەك (بچیتە سەردانیان، پێشکەش کردنی دیاریی، بەدی هێنانی خواستەکانیان) —لە ڕاستیدا— سووکایەتیان پێدەکەیت. خۆشەویستی مەسیحی ڕاستەقینە سنووری بەزەیی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی تێپەڕ دەکات! خۆشەویستی مەسیحی ڕاستەقینە وات لێدەکات خۆڕاگر بیت کاتێك درێغییان بەرامبەرت هەبێت، هەروەها لێیان خۆش بیت لە هەر کارێك کە خراپەیان بەرامبەرت کردبێت. کاتێك دەبیتە باوەڕدار بە عیسای مەسیح، ڕەنگە باوك و دایکت بترسن لەوەی کە ملکەچکردنت بۆ عیسای مەسیح کاریگەری نەرێنی بۆ کەسێتیت هەبێت. هەروەها ڕەنگە بترسن کە کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندنت، کارەکەت، سەرکەوتنت لە ژیاندا و داهاتت یان توانات لە یارمەتادانی داراییان هەبێت. هەروەها، ڕەنگە باوك و دایکت بترسن لەوەی کە باوەڕهێنانت بە عیسای مەسیح ڕەنگە شەرمەزارییان بۆ بهێنێت یان بۆ ئاینەکەیان. بۆیە، بە جوانی واتای باوەڕی مەسیحییان بۆ ڕوون بکەوە، بۆشیان بسەلمێنە کە تۆ بوویتە مرۆڤێکی باشتر و خۆشەویستتر لە ڕێگای کاریگەریی مەسیح لەسەر دڵ و ژیانت.

---

**پرسیاری 3** پرسیاری سێهەم پەیوەندی بە هاندانی منداڵان هەیە. چۆن باوکان و دایکان دەتوانن هانی منداڵەکانیان بدەن؟
**تێبینییەکان:** هەندێك لە باوکان و دایکان منداڵەکانیان دادەڕوخێنن. شێوازی زۆریش هەیە بۆ داڕوخاندنی منداڵان. دەتوانی لەو شتانە ئاشنابیت کە منداڵان دادەڕوخێنن لە ڕێگای چاودێریکردنی کاردانەوەی منداڵان بەرامبەر بە باوك و دایکیان. بۆ نموونە، ڕەنگە منداڵان هەست بە نیگەرانی بکەن، یان توڕەیی، یان تێکشکان، یان ڕەنگە بەخۆیاندا بچۆنەوە، یان گوزارشت لە نیگەرانییان بەرامبەر باوك و دایکیان بکەن. بەم شێوەیە، ئەم کاردانەوانە ئاماژەن بەوەی کە پێویستە باوك یان دایك شێوازی ڕەفتاریان لەگەڵ منداڵەکانیان بگۆڕن. چۆن باوك (یان دایك) دەتوانێت وا لە منداڵەکانی بکات کە هەست بە ڕێز بکات؟ پێم وایە دەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات لە ڕێگای گەشەدان بە سێ شت لەلایان: بەرپرسایەتی، ڕازیکردنی کەسێتی، پەیوەندییە.

ئـ) یارمەتی منداڵەکانت بدە بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی. ئەگەر ئامانجت ڕازیکردنی منداڵەکانتە، دەرئەنجام دەبنە نازدار و خۆویست. بەڵام ئەگەر ڕاهێنانیان پێبکەیت لەسەر لەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی زیاتر لە بوارەکانی ژیانیاندا، دەبنە گەنجانێکی پێگەیو کە لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بن! چوار قۆناغ هەیە بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لەلای منداڵەکان:

1- قۆناغی یەکەم ئەوەیە کە پێویستە لەجیاتی هەموو منداڵەکانت بڕیار بدەیت. پێویستە منداڵ فێری گوێڕایەڵی بێت! بەڵام لە کاتێکدا کە شتێکی ڕەتکردەوە، دەتوانی جێگرەوەیەکی دیکەی بدەیتێ تاکو فێربێت و هەڵبژێرێت! پێویستە ئەم هەنگاوە لە قۆناغێکی زووی تەمەنی منداڵەکانت ئەنجام بدەیت. منداڵ ڕاستی و هەڵە لە ڕێگای بڕیارەکانی خۆیان و هەڵبژاردنەکانتەوە فێردەبن. بەڵام پێویستە لەگەڵ گەورەبونیان بەرپرسایەتی زیاتر بخەیتە ئەستۆیان.

2- قۆناغی دووەم ئەوەیە کە بڕیارەکان و هەڵبژاردەکان لەگەڵ منداڵەکانت بدەیت و پێکەوە جێبەجێیان بکەن. کاتی گونجاو بۆ ئەم قۆناغە ئەوەیە کە منداڵەکانت بکەنە قۆناغی سەرەتایی خوێندن. ببە بە پێشەنگێك بۆیان و پێوانە بۆ باشیی و ڕێکخستنەکانی خێزان دابنێ.

3- قۆناغی سێیەم ئەوەیە کە دەرفەت بە منداڵەکانت بدەیت خۆیان بڕیار بدەن و هەڵبژێرن، بەڵام پێویستە ڕەزامەندی تۆیان هەبێت و بەسەرپەرشتی خۆت بچێتە ڕێوە. دەتوانی ئەوە ئەنجام بدەیت کاتێك منداڵەکانت لە قۆناغی ئامادەیی یان ناوەندی بن. بەڵام پێویستە ئەوەیش بزانن کە ئازادی زیاتر واتای ئەرکی زیاتر و بەرپرسیارێتی زیاتر لەبەردەمت دەگەیەنێت. ئەو لایەنە گرنگانەی ژیان کە پێویستە ڕاهێنانیان بۆ بگرێت لەسەر لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی ئەمانەیە: ئەرکەکانی قوتابخانەیان، پەیوەندییە خێزانییەکانیان، مامەڵەکردن بە پارە بەشێوەیەکی دروست، بەکارهێنانی کەرستەکانی گواستنەوە بەتەنیایی، هەڵبژاردنی هاوڕێکان، پەرەدان بە پەیوەندییە تایبەتییەکانیان لەگەڵ خودا.

4- قۆناغی چوارەم و کۆتایی ئەوەیە کە وا لە منداڵەکانت بکەیت هەموو شتێك بەتەنیایی جێبەجێ بکەن. دەتوانی ئەوە بکەیت کاتێك منداڵەکانت پێبگەن و گەورە بن. لەم قۆناغەدا منداڵەکانت بەرپرسیار دەبن لەسەر ئەنجامدانی کارەکانیان نەك لەبەردەم تۆ، بەڵکو لەبەردەم خودا.

ب) یارمەتی منداڵەکانت بدە لەسەر گەشەکردن بە بیروباوەڕیان. کاتێك داوا لە منداڵەکانت دەکەیت ڕاوبۆچوونە تایبەتییەکانت پەیڕەو بکەن، ناتوانن گەشە بە ڕاوبۆچوون و باوەڕە تایبەتییەکانی خۆیان بدەن. بۆیە، داوا لە منداڵەکانت مەکە ملکەچی هەموو باوەڕ، بۆچوون، نەریتەکان، پێشەنگییەکانت بن، بەڵکو هانیان بدە و یارمەتیان بدە لەسەر گەشەکردن بە باوەڕەکانیان، نەریتەکانیان، بۆچوونەکانیان بەپێی ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆز! بەم شێوازە، هەستی بەرپرسایەتییان دەبێت. سێ هەنگاو هەیە بۆ گەشەکردن بە باوەڕەکان:

1- هەنگاوی یەکەم: ڕێگا بدە کوڕەکەت (کچەکەت) خۆی ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز بدۆزێتەوە (لوقا10: 25 -26).

2- هەنگاوی دووەم: ڕێگا بدە کوڕەکەت (کچەکەت) جێبەجێکردنە تایبەتەکەی خۆی بۆ ئەو ڕاستییە هەڵبژێرێت.

3- هەنگاوی سێیەم: لەگەڵیدا گفتوگۆ بکە لەبارەی ئاکامەکانی جێبەجێکردنەکەی ئەو ڕاستییە.

بۆ نموونە، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتی جلوبەرگەوە هەبێت، دوو بنەمای کتێبی لەو بارەیەوە هەیە ئەوەیش ئەمانەن: (1) جلوبەرگەکان لە ڕووی ڕەوشتەوە قبوڵکراو بن، واتا خەڵکی نەباتە لای گوناهەوە. (2) جلەکان گونجاو بن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم دوو بنەمایە سنووری منداڵان پێکدەهێنن لە بڕیار وەرگرتن دەربارەی ئەو جلانەی دەیپۆشن. تاوەکو منداڵەکانت پابەندی ئەم سنوورانە بن، دەتوانن هەموو شتێك بەپێی ویستی خۆیان هەڵبژێرن، خۆیان بڕیارەکانیان بدەن. پاش ئەوە، دەتوانی لەگەڵیاندا هەڵبژاردەکانیان تاوتوێ بکەیت و کاریگەییان لەسەر خۆیان و خەڵکی چی دەبێت.

پ) یارمەتی منداڵەکانت بدە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی پێگەییو. دەبێ ئامانجت ئەوە نەبێت کە منداڵەکانت لەخۆت جیا بکەیتەوە، بەڵکو هانیان بدە بۆ پشتبەستن بە یەکتر لە نێوانتاندا. کتێبی پیرۆز هەر باوەڕدارێك دەخاتە خێزانێکی دیاریکراو، کڵێسایەکی دیاریکراو، کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە. کتێبی پیرۆز بەو شێوازە ناڕوانێتە جیهان کە لە تاکانێك پێکدێت و هەر یەکەو بە شێوازی خۆی بەڵکو وەك تاکی خێزانەکان تەماشایان دەکات، وەك تاکی کڵێساکان، وەك تاکی کۆمەڵگەکان. هەروەها کتێبی پیرۆز تەماشای جیهان دەکات بەو پێیەی کە شوێنێکە و هەر یەك لە ئێمە پێویستی بەوەیتر هەیە، بەو پێیەی کە شوێنێکە و هەر تاکێك دەتوانێت تێیدا خزمەتی کەسانیتر بکات. بۆیە، یارمەتی منداڵەکانت بدە بۆ پێکهێنانی هاوڕێتی باش، ناسینی کەسانێك لە کۆمەڵگا و پێکهاتەی جیاجیا، پەیوەندی ڕێکوپێکیش لەگەڵ ڕەگەزیتر پێکبهێنن.

**پرسیاری 4** پرسیاری چوارەم پەیوەندی بە پەروەردەکردنی (پێگەیاندنی) منداڵانەوە هەیە. پێویستە باوکان و دایکانی باوەڕدار چۆن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن؟

**تێبینییەکان:** دوو بەرپرسایەتی هەیە لە ئەستۆی هەموو باوکان: دایکی منداڵەکانی خۆشبوێت، منداڵەکانی پەروەردە بکات. پەروەردەکردنی منداڵانیش بە ڕەوشتە خوداوەندییەکان واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆزیان فێر بکەیت. هەروەها پەروەردەکردنی منداڵان بە هاندانی خوداوەند ئەوە دەگەیەنێت کە ڕایان بهێنیت لەسەر گوێڕایەڵی کردنی ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز. دوو لایەنی گرنگ هەیە کە پێویستە منداڵەکانت لەسەریان ڕابهێنێت:

ئـ) ڕاهێنان بە منداڵەکانت بدە ببنە هاوڵاتی چاك لەم جیهانەدا. لە هەموو شتێك زیاتر ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕاستییانەی فێری دەبن. ڕاهێنانیش ئەوە دەگەیەنێت کە بەبەردەوامی هانیان بدەیت. ڕەنگە ڕاهێنانیش هەندێك جار پێویستی بە توندی و سزادان هەیە. دەتوانی منداڵەکانت ڕابهێنیت لەسەر ئەوەی کە ببن بە هاووڵاتی چاکە لەم جیهانەدا لە ڕێگای پوختەکردنی ئەم لایەنانە لە کەسێتییاندا:

1- ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر ئەوەی کە پێبگەن لەڕووی بیر، جەستەیی، ڕوحی، کۆمەڵایەتی.

2- ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر ئەوەی کە ببن بە دانا.

3- ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر خۆشەویستی.

خێزانە دروستەکان بەردی بونیاتنانی نەتەوەی دروستن!

ب) ڕاهێنان بە منداڵەکانت بکە بۆ ئەوەی ببن بە هاووڵاتی چاك لە شانشینی خودادا. ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر ئەوەی کە بەتەواوەتی خۆیان ملکەچی خودا بکەن لە کتێبی پیرۆزدا. ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر ئەوەی کە لە هەموو بارودۆخێکدا متمانەیان بە خودا هەبێت. ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر ئەوەی کە بەبێ مەرج گوێڕایەڵی خودا بکەن. ڕاهێنانیان پێ بکە لەسەر ئەوەی کە ژیانێکی پیرۆز و چاکە بژین. لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر ئەوەیە کە ڕاهێنانیان پێ بکەیت لەسەر خۆشەویستی خودا، خۆشەویستی کەسانیتر، قبوڵکردنی خۆیان.

**هەنگاوی 4 : جێبەجێکردن**

**بیربکەرەوە:** کام لەو ڕاستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداریکردن:** با پێکەوە بیر بکەینەوە و ئەو جێبەجێکردنانە بنووسین کە دەتوانین لە (ئەفەسۆس6: 1-4) دەریبهێنین؟

**بیربکەرەوە:** ئەو جێبەجێکردنە پێشنیارکراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیتە بە جێبەجێکردنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم جێبەجێکردنە کەسییە لە پەراوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی جێبەجێکردنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن: یان لە خودی ڕاستییەکە جێبەجێکردنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە جێبەجێکردنی پێشنیارکراو).

نموونەی جێبەجێکردنی پێشنیارکراو.

6: 1 بۆ کورە پێگەیشتووەکان: گوێڕایەڵی باوك و دایکتان بکەن لە هەموو شتێك، جگە لەوەی کە داوای هەندێك کار بکەن کە گونجاو نەبێت لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی خودا و ڕێنماییەکانی کە لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە.

6: 2 بۆ خەڵکی: ڕێزی باوك و دایکتان بگرن، ڕێزی باوك و دایکی هاوسەرەکانتان بگرن، لە هەموو بارودۆخێکدا ڕێزی خودا بگرن. لایەنێکی کردەیی بۆ ڕێزگرتنیان هەڵبژێرە، پابەند بە بەپەردان بەم لایەنە لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

6: 4 بۆ باوکان: مەبە بە هۆکاری نائومێدی و شکستی بۆ منداڵەکانت ئەگەر بچووك بن یان گەورە.

6: 4 بۆ هەموو ئەو باوکانەی منداڵی پێنەگەیشتوویان هەیە: منداڵەکانت لەسەر ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز پەروەردە بکە، هانی بدە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاستییانە بەشێوەیەکی کردەیی.

نموونەی جێبەجێکردنی کەسی.

ئـ) من دەمەوێ —بەشێوەیەکی تایبەت— فێری داواکردنی ئامۆژگاری بم لە باوک و دایکم، لە داناییەکانیان لە ژیاندا فێربم. سەرباری ئەوەی کە خۆم بڕیار و هەڵبژاردنەکانم دەدەم، بەڵام دەمەوێ ڕێز لە باوک و دایکم بگرم لە ڕێگای وەرگرتنی بۆچوون و بیرۆکەکانیان بەبایەخەوە.

ب) من دەمەوێ —بەشێوەیەکی تایبەت— ببم بە هاندەری منداڵەکانم و یارمەتایان بدەم بۆ لەئەستۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی، گەشەکردن بە بیروباوەڕیان، دروستکردنی پەیوەندی پێگەییو لەگەڵ کەسانیتردا، گوزارشت کردن لە هەستەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك. من دەزانم کە ئەمە یەکێکە لە مەزنترین بەرپرسایەتی کە خودا متمانەی پێبەخشیوم وەك باوك (یان دایك).

هەنگاوی 5 نزا بکە.

با بە نۆرە نوێژ بەرزبکەینەوە بۆ خودا، هەر کەسێك بۆ ڕاستییەك نوێژ بکات کە خودا لە ڕێگای (ئەفەسۆس6: 1-4) فێرمانی کرد. (لە نوێژەکەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت کە لە وانەی ئەم پەرتووکە فێری بوویت. مەشق بکەن لەسەر نوێژی کورت کە لە ڕستەیەك یان دوو ڕستە پێکبێت. لە بیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نوێژ بکەن)

**نوێ**

لە گروپی دووانی یان سیانی، نوێژ بەرز بکەنەوە لە پیناوی یەکتری و هەموو جیهان.

**ئەرکی ماڵی**
**بۆ وانەی داهاتوو**

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەراوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابیێتی بە کەسانیتر بکەیت. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (ئەفەسۆس6: 1-4).

**خەڵوەتی ڕوحی:** هەموو ڕۆژێك کاتێك بەسەر بەرە لە خەڵوەتی ڕوحی. ڕۆژانە نیو بەشی (ڕۆما 9 - 12) بخوێنە.

شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**دەرخکردن:** وردبەروەوە لە ئایەتە کتێبییە نوێکان و دەرخیان بکە. (مەتتا10: 32). هەموو ڕۆژێك پێداچوونەوەیەك بکە لەو ئایەتە کتێبییانەی دەرخت کردووە.

**نوێژ:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یان کەسێکی دیاریکراو نوێژ بکە، چاوەڕوانبە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابیێتی. ئەو تێبینییانەت بنووسە کە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، خوێندنەوەی کتێبی، ئەم ئەرکە ماڵییە.